فرەیی سیاسی و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات گەرەنتی سەقامگیری سیاسی و گەشەکردنی کۆمەڵگەیە.

لە دروشمەکانی (١٦) هەمین ساڵیادی راگەیاندنی یەکگرتوو

یەکگرتوو و پرۆسەکانی هەڵبژاردن

شکۆ جەمیل
هەولێر/ یەکگرتوو

لە خاڵی حەوتەمی بنەما گشتییەکانی یەکگرتوودا هاتووە کە (قەبوڵکردنی فرەیی و دەرهاویشتەکانی و ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات لە ڕێی هەڵبژاردنی گشتییەوە)، هەروەها لە خاڵی هەشتەمیش ئاماژە بەوە کراوە کە (گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە و لە ڕێی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانییەوە و بەگوێرەی دەستوورێکی مەدەنی فەرمانڕەوایی بەسەر خۆیدا دەکات)، هەر بۆیە یەکگرتوو لە پێش راگەیاندنی وەکو حیزبێکی سیاسی بەشداریی‌یەکی چالاکانەی پرۆسەکانی هەڵبژاردنی کردوە، لەمەش بەمەدەنیترین شێوە کاری کردوە بۆ ساغ و تەندروستبوونی پرۆسەکانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها پاش راگەیاندنیشی یەکگرتوو بەردەوام لەم پرۆسانە ئامادە بووە..

یەکەم تەجروبەی یەکگرتوو لە هەڵبژاردنی (١٩٩٢)دا

یەکەمین ئەزموونی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی دیموکراسی لە کوردستانی عێراق بەپێی یاسای ژمارە (١)ی بەرەی کوردستانی لە (١٩/٥/١٩٩٢) بە سەرپەرشتی و چاودێری نوێنەرانی چەندین ڕێکخراوی بیانی لە بواری مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئەندامانی پەرلەمانی وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژنامەنووسانی بیانی ئەنجامدرا، کە (٩٦٧٢٢٩) دەنگدەر بەشداریان تێدا کرد. لەم هەڵبژاردنە یەکگرتوو وەکو حیزبێکی سیاسی خۆی رانەگەیاندبوو، هەر بۆیە لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی و چەند کەسایەتێکی ئیسلامی بێلایەن بە یەك لیست بەشداری ئەم هەڵبژاردنەیان کرد، کە لیستەکە ناونرابوو لیستی ئیسلامی، کاندیدەکانی ئەم لیستە ڕێژەیەکی زۆریان کادیرەکانی یەکگرتوو بوون، لیستی ئیسلامی توانی (٤٩١٠٨) دەنگ بەدەست بهێنێت، کە دەکاتە (٥,٥٪) کۆی دەنگەکان، بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن کە لە لایەن دەستەی باڵای سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان راگەیەنرا، کە بە سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی (التمپیل النسبی) بەڕێوەچوو، تەنیا (لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان) و لیستی هاوبەشی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی زەحمەتکێشان)، هاتنە نێو پەرلەمان و لە کۆی (١٠٥) کورسی پەرلەمان هەریەك لە یەکێتی و پارتی (٥٠٪)ی کورسییەکانیان بەرکەوت، بەهۆی سیستەمی هەڵبژاردن لەو کاتەدا کە هەر حیزبێك دەبووایە (٧٪) دەنگەکان بەدەست بهێنێ بۆ ئەوەی کورسیەکی پەرلەمان مسۆگەر بکات، یەکگرتووەکانی پێش راگەیاندن نەیانتوانی بگەنە ناو پەرلەمان..

یەکەم بەشداریی سەربەخۆی یەکگرتوو لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی پارێزگانی سلێمانی

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە (٦/٢/١٩٩٤) خۆی وەکو حیزبێکی سیاسیی ئیسلامی راگەیاند، کە لە ماوەیەکی کورتی راگەیاندنی توانی داهێنانکاری گرنگ لە ژیانی سیاسی حیزبی کوردیدا بکات، ئەوەش بە تەبەنیکردنی مەدەنی بوون لە کاری حیزبی لەجیاتی پشتبەستن بە میلیشیا، بەتایبەت کە هێزی چەکداری زەمانەتی یەکەمی مانەوەی حیزبی سیاسی بوو لە کوردستاندا، لە ساڵی (١٩٩٦) کوردستان بەتەواوەتی بۆ دوو پارچە دابەشبوو، ئەوانیش هەرێمی سەوزی یەکێتی و هەرێمی زەردی پارتی، لە هەرێمی سەوز کە خۆی لە پارێزگای سلێمانی دەبینیەوە، لە (٣/٢/٢٠٠٠) یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامدرا، لەم هەڵبژاردنە (٧٢٢٨٠٤) مافی بەشداریکردنیان هەبوو، پاڵیوراوانی یەکگرتووی ئیسلامی دوو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی شارەوانیان بەدەستهێنا ئەوانیش سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی (سەید سادق) کە ئەندازیار (جەلال تاهیر) توانی (٤٨٪) دەنگەکانی ئەو شارۆچکەیە بەدەست بهێنێت، هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی ناحیەی سیروان کە (لەتیف عەبدوڵلا) توانی (٧٥٪)ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت..

هەروەها بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی کاندیدی یەکگرتوو (وشیار ڕەسوڵ محەمەد ئەمین) توانی (٤٤٤٤٩) بەدەست بهێنێت کە دەکاتە (١٧،٥٣٪)ی کۆی دەنگدەرانی ناوشاری سلێمانی..

لە هەولێر یەکگرتوو کیبڕکێی پارتی دەکات

لە ساڵی (٢٠٠١) لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك کە لەژێر دەسەڵاتی پارتی بوو، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان ئەنجامدرا، لەم هەڵبژاردنانە یەکگرتوو مونافیسی یەکەمی پارتی بوو، لە شاری هەولێر (٥٥٩٣٠٤) هاوڵاتی مافی بەشداریان هەبوو لەم هەڵبژاردنە کە (٤٢٢٩١٢) هاوڵاتی بەشداریان کرد، هەروەها لە شاری دهۆك (٣٢٧١٩٠) هاوڵاتی مافی بەشداریان هەبوو بەڵام (٢٧٧٩٤٤) هاوڵاتی بەشداریان کرد.. بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر کاندیدی یەکگرتوو (زوهێر محەمەد ئەمین) توانی (٥٢١٨٣) بەدەست بهێنێت کە دەکاتە (٢٠٪) کۆی دەنگدەرانی ناوشاری هەولێر.. هەروەها یەکێك لە کاندیدەکانی یەکگرتوو بەناوی (ئوسامە جەمیل) (٦٠٠٥٠) دەنگی بەدەست هێنا.. هەروەها بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی دهۆك کاندیدی یەکگرتوو (ئیسماعیل عەلی تەها) توانی (١٩٣٧٥) بەدەست بهێنێت کە دەکاتە (١٩٪)ی کۆی دەنگدەرانی ناو شاری دهۆك.. یەکگرتوو لە هەردوو شاری هەولێر و دهۆك کاندیدی هەبووە بۆ زۆربەی سەرۆك و ئەنجومەنی شارەوانییەکان، کە توانیان ئەنجامی باش بەدەست بهێنن..

یەکگرتوو دەچێتە بەغدا

لە (٩/٤/٢٠٠٣) ڕژێمی سەدام دەڕووخێت، کە ئەم ڕووخانە دەرگا کردنەوەبوو بۆ سازدانی پرۆسەکانی هەڵبژاردن لە عێراق و کوردستان، بەتایبەت کە هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردی بە بیانوی تەجروبە ساوایی و شەڕەکانی نێوانیان چەندین جار هەڵبژاردنیان دوادەخست، بەڵام پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس ئەم هێزە لە یەکدی نزیککەوتنەوە.. لە ڕۆژی (٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥) خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامدرا کە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان. ئەمەش یەکەمین هەڵبژاردنی گشتی بوو کە دوای ڕووخانی ڕژێمی (سەدام) لە کوردستان و عێراق ئەنجام درا. یەکگرتوو بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان لە چوارچێوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەشداری ئەم هەڵبژاردنەی کرد و توانی (٢١٧٥٥٥١) دەنگە بەدەست بهێنێت کە دەکاتە (٢٥٪)ی کۆی دەنگدەرانی عێراق، بەم شێوەیە لیستی هاوپەیمانی کوردستان (٧٥) کورسی پەرلەمانی بەرکەوت و یەکگرتووش توانی (٥) بەدەستبهێنێت. هەروەها بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان یەکگرتوو لە چوارچێوەی لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان بەشداری ئەم هەڵبژاردنەی کرد، ئەم لیستە (١٥٧٠٦٦٣) دەنگی بەدەستهێنا کە دەکاتە (٨٩,٥٥٪)، بەم شێوەیە لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان (١٠٤) کورسی بەدەستهێنا کە (٩) کورسی بەر یەکگرتوو کەوت..

یەکگرتوو دەچێتە ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم و (موسڵ و کەرکوك و دیالە)

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە ڕۆژی (٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠٠٥) هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا، یەکگرتوو بۆ هەڵبژاردنی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم بە لیستی جیا بەشداری کرد و توانی بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی (٥) کورسی بەدەست بهێنێت، هەروەها بۆ شاری دهۆك (٤) کورسی و بۆ شاری هەولێریش (١) کورسی..

یەکگرتوو لە شارەکانی (کەرکوك و موسڵ و دیالە و سەلاحەدین) لەگەڵ لیستە کوردستانییەکانی دیکە بەشداری ئەم هەڵبژاردنەی کرد، توانی ببێتە خاوەن (٣) کورسی لە کەرکوك و (١) کورسی لە موسڵ و (٢) کورسی لە دیالە..

یەکگرتوو پێشەنگی ئۆپۆزسیۆن بوونە

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی بەغدا لە بەرواری (١٥/١٢/٢٠٠٥) دروشمی دژە گەندەڵیی بەرز کردەوە وەك یەکەم پارتی سیاسی لە کوردستان، بەو نیازەی چێتر نەهێڵێت مافەکانی گەلی کورد لە ژوورە تاریکەکاندا یاری پێ بکرێت، کە ئەمەش پێشوازی جەماوەری لێ کرا، بەم شێوەیە یەکگرتوو بریاریدا بە لیستی جیا بەشداری ئەو هەڵبژاردنە پەرلەمانییە بکات، هەر ئەمەش وایکرد دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان ئەو بەجیا دابەزینەی یەکگرتوو قبوڵ نەکەن و لە ڕۆژی (٦/١٢/٢٠٠٥) بەئاشکرا پەلاماری بنکە و بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامیان لە بادینان دا و، سەرەڕای سوتاندنیان لەو پەلامارانەدا چوار ئەندامی یەکگرتوی ئیسلامی شەهید کران کە لەنێویاندا (سەیدا موشیر ـ ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو) بوو، بەڵام سەرەڕای ئەم کارەساتە یەکگرتوو هەر بەشداری هەڵبژاردنەکانی کرد و توانی (١٥٧,٦٨٨) دەنگ لە سەرانسەری عێراق بەدەست بهێنێت، بەم شێوەیە یەکگرتوو بەوە بوو بە خاوەنی (٥) کورسی لە پەرلەمانی بەغدا.

یەکگرتوو بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، کار بۆ گەڕانەوەی ناوچە جێناکۆکەکان دەکات

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی جگە لە شاری کەرکوك و هەرێمی کوردستان لە بەرواری (٣١/١/٢٠٠٩) لە هەموو عێراق ئەنجامدرا، بریاری سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هاوسنور لە تەك هەرێمدا ئەوە بوو کە هەموو هێز و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بەیەك لیستی هاوبەشی کوردستانی بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەین، چونکە بەجیا لەوەی پرۆسەکە لە ناوەڕۆکدا باس لە ئەنجومەنی پارێزگایە، بەڵام ئەو ناوچانە ناکۆکی لەسەرن و بەشێوەیەکی تر ئاماژەیەکی گرنگە بۆ یارمەتیدان و ئاسانکردنی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە بەگوێرەی ئەو راپرسییەی کە لەو شار و قەزا و ناحیانەدا ئەنجام دەدرێت و، باشتر وابوو هەموو یەك خیاری هاوبەش بخەینە بەردەست دانیشتوانی کوردی ئەو ناوچانە. لەم هەڵبژاردنەدا کە لیستی نیمچە کراوە پەیڕەو کرا یەکگرتوو لەگەڵ لیستی کوردستانی لە شارەکانی (دیالە و موسڵ و سەلاحەدین و بەغدا) بەیەکەوە دابەزین، لەم هەڵبژاردنەدا یەکگرتوو توانی کورسییەکی پارێزگای دیالە بەدەست بهێنێت، کاندیدەکەی یەکگرتوو (زیاد ئەحمەد سەعید) توانی (٣,٩٠٩) دەنگ بەدەست بهێنێت..

یەکگرتوو بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان سەرکردایەتی لیستێك دەکات

دوای ئەوەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە عێراق ڕۆژی (٢/٥/٢٠٠٩) سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیان ئاگادار کردەوە کە لە (٢٠/٧/٢٠٠٩) بەدواوە ئامادەن هەڵبژاردن بەڕێوەببەن ئەوەبوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی (٥/٥/٢٠٠٩) لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٩)ی خولی دووەمی ساڵی چوارەمی لە خولی دووەمی هەڵبژاردن ئامادەبوو لە وتارێکدا لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی (٢٥/٧/٢٠٠٩)ی دیاری کرد بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، یەکگرتوو لەگەڵ (کۆمەڵی ئیسلامی و زەحمەتکێشانی سەربەخۆ و حیزبی سۆسالیست) لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاریان پێکهێنا، کە ئەمینداری یەکگرتوو سەرۆکایەتی ئەم لیستەی دەکرد، ئەم لیستە لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم توانی (٢٤٠,٨٤٢) بەدەست بهێنێت و بووە خاوەن (١٣) کورسی پەرلەمانی کە (٦)یان بەر یەکگرتوو کەوت..

مەدەنیبونی یەکگرتوو لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن بەمشێوەیە وەڵام درایەوە...